# وەزارەتی ناوخۆ: ئەفسەرێك بە تۆمەتی هێرشکردنە سەر ماڵێك لە ئەنبار دەستگیردەکرێت



ئەمڕۆ چوارشەممە، وەزارەتی ناوخۆ دەستگیرکردنی ئەفسەرێکی ڕاگەیاند کە هێرشی کردە سەر ماڵێك لە ئەنبار.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: دوای گەیشتنی زانیاری لەسەر ڕووداوێکی دەستدرێژیکردن لە ناوچەی (زراعە) لە نزیك نەخۆشخانەی رازی لە پارێزگای ئەنبار، هێزێکی هاوبەش لە فەرماندەیی پۆلیسی پارێزگاکە بەردەوام بوو، لەگەڵ گەیشتنیان بۆ شوێنی ڕووداوەکە، ڕوون بووەوە کە هێرشێك ڕوویداوە بۆ سەر ماڵی هاوڵاتییەك، هێزەکە دەستدرێژکارەکەی دەستگیرکرد و دەرکەوت کە یەکێکە لە ئەفسەرەکانی وەزارەتی ناوخۆ و دەست بەسەر دەمانچەیەکدا گریرا.

ئاماژەی بەوەشکرد: کاغەزی لێکۆڵینەوەکەی خراوەتە بەردەم دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی رومادی و ئەویش بەپێی بڕگەکانی ماددەی (428)ی یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری دەستگیرکردنی داوە.

جەختیشیکردەوە: سورن لەسەر ئاسایش و سەلامەتی هاووڵاتیان، لەگەڵ ئەوەی ڕێگە نادات هێرش بکرێتە سەر هیچ کارمەندێکی خۆی، هەروەها ڕێگە نادات هێرش بکرێتە سەر هاوڵاتیانی بەشەرەف، هەروەها درێغی ناکات لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی پێویست بەرامبەر بە دەستدرێژیکاران، بەبێ گوێدانە پلە و پۆستەکانیان، چونکە یاسا لە سەرووی هەموو کەسێکەوەیە.